# مەبەستەکانی ناوەڕۆکی شیعری کوردی
# شیعری کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

بەرهەمی ئەدەبی کوردی ڕەنجی دڵسۆزی و هەست و نەستی شاعیرانی کوردە، بێگومان ئەدەبی نەنووسراوی میللی کارێکی گەورەی کردۆتە سەر داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکیی نووسراوەوە. بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە تێکڕای دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکرێ بە دوو بەشەوە:- لیریک و ئیپیک.

# لیریک

پارچە شیعرێکی کورتە لە مەبەستەکانی دڵداری و جوانی و سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دانایی و ئایین و فەلسەفە و سۆفیزم و دەروونی مرۆڤ و ناوەڕۆکی تر دەدوێ. لە ئەدەبی کوردیدا لیریک دەکرێت بە دوو بەشەوە:-
شیعری لیریکی خۆماڵی و شیعری لیریکی ئیسلامی.
شیعری لیریکی خۆماڵی
لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەر یەکێکە لەگەڵ لیریکی ئیسلامی، تەنیا لە ڕووی ڕووخسارەوە لێی جیادەبێتەوە، لیریکی خۆماڵی لەسەر کێشی سیلاب دەهۆنرێتەوە، لە هەمانکاتدا بایەخێکی ئەوتۆ بە یەکێتی سەروا نادرێ، هەروەها وشە و زاراوە و دەربڕینی ئەدەبی ئیسلامی تێدا بەکارناهێنرێ. ئەم لیریکە خۆماڵییە، تایبەتە بە دیالێکتەکانی گۆرانی و لوڕی و کرمانجی ژووروو، لە دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاست نابینرێت، مەگەر لە فۆلکلۆرەکەی نەبێت. ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە لیریکی خۆماڵی لە زمانی خەڵکەوە نزیکە، زیاتر شاعیران ئەم شێوە و شێوازەیان گرتووە بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیەننە زۆربەی خەڵکی. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی قوتابخانەی نالیش پەیدابوو، نوێنەری ئەم ڕێبازە حاجی قادری کۆیی بوو بە تایبەت لەو شیعرانەی کە لە میللیبوونەوە نزیک بوون، لە پاشاندا شێوە و شێوازەکە بۆ مەبەستی شیعری سیاسی وکۆمەڵایەتی لە لایەن شاعیرانی کوردەوە بە کارهێنرا، تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی.

# شیعری لیریکی ئیسلامی(ڕۆژهەڵاتی)

ئەم جۆرە شیعرە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەم بابەتانە پێکدێت:-

## پاڕانەوە (موناجات=ئیلاهیات)

بە زۆری لە شێوە و قاڵبی قەسیدەدا دەبێت، ناوەڕۆکی بریتییە لە پاڕانەوە لە خوا و پەسنکردنی گەورەیی و توانایی لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی موسڵمانی. لە گەلێک ڕووەوە لەگەڵ شیعری ئایینی عەرەبی یەکدەگرنەوە.

سەرچاوەی ئەم جۆرە شیعرە قورئان و شەریعەتی ئیسلامییە، شاعیر پشت بە ئایەتەکانی قورئان دەبەستێت و وەکو خۆی وەریدەگرێت و هەر بە زمانی عەرەبی لەگەڵ ڕستەکانی شیعرەکەی تێکهەڵکێشیان دەکات. زمانی ئەم جۆرە شیعرە تێکەڵە، شاعیر وشە و زاراوەی عەرەبی ئایینی زۆر بە کاردەهێنێت.

# پێداهەڵدان و پاڕانەوە لە پێغەمبەر ( نەعت)

ئەم جۆرە شیعرە لە هەموو ڕوویەکەوە وەکو موناجات وایە، بەڵام تایبەتکراوە بۆ پێغەمبەر دروودی خوای لێبێت، لە پاڵ بوونی ئایەتەکانی قورئان، شاعیر فەرموودەکانیش تێکهەڵکێشی بەرهەمەکەی دەکات. گەلێکجار قەسیدەی موناجات و نەعت تێکەڵی یەکتر دەبن و بەرهەمەکە هەردوو مەبەستەکە بە دەستەوە دەدات، چونکە بە ڕاستیش هەریەکەیان ئەویتریان تەواو دەکا، بە تایبەتی قەسیدەی نەعت، ناکرێت لە موناجات جیابکرێتەوە.

زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی لەم هونەرەیان هەیە.

# غەزەل

بەو شیعرە دەووترێت کە ناوەڕۆکەکەی لە بابەت دڵداری و ئەڤین و خۆشەویستی و دەستبازی و ماچ و مووچ و بەزم و ڕەزمی ژنانەوەیە. شاعیر لە غەزەلدا وەسفی لەش و لار و خوو و ڕەوشت و جوانی و شۆخ و شەنگی و نازەنینی ژن دەکات. ئەگەرچی غەزەل هەست و نەستێکە بەرامبەر بە مێیینە، بەڵام لە ئەدەبدا غەزەلی نێرینەش بوونی هەبووە. ئەم بابەتە بەرهەمەی لە ئەدەبی کوردیدا کەمە، زیاتریش وەسفکردنی کوڕ و نواندنی دڵداری و خۆشەویستی و سۆزە بەرامبەر بە نێرینە، لە بەرگێکی سۆفیزمیانە جێگەی خۆی لە شیعری کوردیدا کردۆتەوە. هەندێکجار ئەم دوو بابەتە واتا غەزەلی کچ و کوڕ تێکەڵ بە یەکتری دەبن و جیهانێکی سۆفیزم دەسازێنن. هەندێکجاریش هەردوو غەزەلەکە بە عەشق دەزانن و زاراوەی(عەشقی حەقیقی) و (عەشقی مەجازی) بەکاردێنن. غەزەلی سۆفیزم، دنیایەکی ئاڵۆزی شیعرە، بریتییە لە تەمومژێکی گیانی کە سۆز و خۆشەویستییەکی ئەوتۆی دروستکردووە، هەندێکجار وا دەزانیت ئەم خۆشەویستە کوڕە!؟ هەندێکجاریش وا دەرانیت ئەم خۆشەویستە کچە!؟ جاری واش هەیە تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر دەبن و نە کوڕە و نە کچە، ئەمە لای ئەوان(ئەوپەڕی ڕەهایە=موتلەق) کە خۆی لە پەروەردگار دەنوێنێت.

# پەسن (وەسف)

وەسف بۆ مەبەستی وێنەکرتنی دڵبەر لە ڕووی جوانی ئەندامی لەشیەوە بەکاردەهێنرێت. هەروەها باسکردن و کێشانی وێنە و دیمەنی سروشت جێگەیەکی دیاری لە هونەری وەسفدا هەیە. جگە لەوە وەسف خەریکی هەموو ڕووداوەکانی سروشتیشە وەکو ئاژەڵ و زیندەوەر و ڕووەک، بۆ جەنگ و سوارچاکیش بەکاردەهێنرێت، لە بەرئەوەی وەسفی ئەم بابەتە ڕووداوانە، واتا جەنگ و سوارچاکی و شەڕوشۆڕ پێویستی بە پشووی درێژ هەیە، شیعرەکە لە هەژدە دێڕ تێپەڕدەکات و دەبێتە قەسیدە، ئەم مەبەستە بێگومان لەگەڵ شیعری دڵداری تێکەڵ دەبێت، بە تایبەت ئەگەر شیعرەکە پەیوەندی بە وەسفی جوانی یارەوە هەبێت.

# پێداهەڵدان(مەدح)

ناوەڕۆکی ئەم جۆرە شیعرە بریتییە لە پێداهەڵدان و دەرخستن و بەدیارخستن و پیشاندان و تۆخکردنەوەی خوو و ڕەوشتی چاک لەو کەسەی کە شیعرەکەی بۆ دادەنرێت، لەم جۆرە شیعرەدا تەنیا کار و کردەوەی باش و چاکەی مرۆڤ وەردەگرێت و کردەوەی خراپی پشتگوێ دەخرێت. دیارە مەرجیش نییە ئەو کەسەی مەدح دەکرێت خاوەنی ئەم ڕەوشت و کردەوە چاکانە بێت کە شاعیر بۆی هەڵدەبەستێت. بە زۆری ئەم شیعرە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت. واتا کەسی بێدەسەڵات ئەم بابەتە شیعرە دادەنێت بۆ کەسی دەسەڵاتدار بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرێت. هەندێکجاریش شاعیر بە ئەوپەڕی بڕوا و باوەڕەوە مەدحی گەورەیەک، زانایەک، داهێنەرێک دەکات کە شایەنی ئەو مەدحەیە.

# شانازی (فخر)

شاعیر لەم جۆرە شیعرەدا خۆی یان بنەماڵەی و یاخود هۆز و عەشیرەتی وەکو شتێکی دیار و بەرچاو و پایەدار لە نێو کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵک و کۆمەڵگە پیشان دەدات، ئەم؟جۆرە شیعرە پەیوەندی بە توانایی شاعیریەتێکی پێگەیشتوو و بەرز هەیە، هەروەها دەبێت هەست و نەستێکی قووڵیشی تێدا بێت بە تایبەت دۆزینەوەی کەرەستە بۆ بەراوردکردن. زمانی ئەم شیعرە تۆکمە و بەهێز دەبێت. شاعیر هەندێکجار ئەم شانازیبوونە بەرفراوان و هەمە لایەن دەکات لە جیاتی ئەوەی شانازی تەنیا شانازی بە خود و بنەماڵە و هۆزەوە بکات، شانازی بە مێژوو و بەسەرهات وکەسایەتی و ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەوە دەکات، وەکو شانازیکردن بە قارەمان و گەورە پیاو و دەسەڵاتداران و زانا و داهێنەر و شاعیر و هونەرمەندان.

# ماتەمنامە (مەرسیە)

ئەم جۆرە شیعرە وەک پێداهەڵدان(مەدح) وایە، بەڵام بۆ مردوو نەک بۆ زیندوو بەکاردەهێنرێت، هەندێکجاریش شاعیر پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات ماتەمنامە بۆ خۆی دەهۆنێتەوە، کە بێگومان لەم کاتەدا ماتەمنامە دەگۆڕێت بۆ وەسیەتنامە. ماتەمنامە کەم وێنەکەی مستەفا بەگی کوردیی لەم چوارچێوەیە دایە.

# ڕیسواکردن= داشۆرین (هەجوو)

ئەم جۆرە شیعرە پێچەوانەی پێداهەڵدانە، واتە درخستن، یان دروستکردنی خوو و ڕەوشتی خراپ بۆ ئەو کەسەی کە ڕیسوا دەکرێ، شاعیر لەم بابەتە شیعرەدا شت و بابەتەکان لە قەبارەی خۆی زۆر زۆر گەورەتر دەکات و وشە و دەربڕین و ڕستەی جنێو و جنێوبازی بەکاردەهێنێت.

# شیعری کراوە=ڕووتکردنەوە (مەکشووف)

بۆ مەبەستی باسکردن و دەخستن و پیشاندانی شتومەک و شەرمگای ژن و پیاوان بە ئاشکرا بەکاردەهێنرێت. لەبەرئەوەی لە ناو کۆمەڵدا باسکردنی ئەم جۆرە شتانە شەرمە، بەم جۆرە شیعری کراوە خۆی دەبێ بە ڕیسواکردن. لە ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە شیعرە بۆ گەلێک مەبەست بەکاردەهێنرێت، بێگومان لە کاتێکدا دروست دەبێت کە دوو بیروڕا بە پێچەوانەی یەکتر دەبن و دژ بەیەک دەوەستنەوە. بەشێکی زۆر لە شیعری کراوەی شاعیرانی کورد هیچ پەیوەندییەکی بە ڕیسواکردنەوە نییە، ورد و جوان و هێمن و بە شێنەیی شاعیری کورد توانیوویەتی وێنەی هونەری بەرز و جوان بنوێنێت لەم بابەتە شیعرەدا. بۆ نموونە شیعرەکەی نالی، کە بۆ خاتوو مەستوورەی ئەردەڵانی نووسیوویەتی، یان پێنجینە شیعرەکەی ئەدەبی شاعیر، کە بۆ نەسرەت خانمی ژنی نووسیوویەتی. کەچی شێخ ڕەزای تاڵەبانی شیعری کراوە و ڕووتکرنەوە بە مەبەست و بۆ مەبەستی جنێو و ڕیسواکردن بەکاریهێناوە. ئاشکراشە شێخ ڕەزا وێنەکانی بە شێوەیەکی هونەرییانە داڕێژراون، هەندێکجاریش تابلۆی هونەری کاریکاتێری زۆر جوان دەکێشێت، لە هەمانکاتدا ئەندامی شاراوەی ژن و پیاو تێکەڵ بە یەکتری دەکات، لە پاڵ ئەمانەشدا خەریکی منداڵ و منداڵبازییە. کەواتە لە لای شێخ ڕەزا شیعری ڕیسواکردن و شیعری کراوە تێکەڵی یەکتر و تێکهەڵکێشی یەکترکراون.

# ئێپیک = داستان = بەیت

لە ئەدەبی فۆلکلۆر(بەیت) و لە ئەدەبی نووسراو(داستان)ی پێدەڵێن. ڕووداو و بەسەرهاتە بە شیعر دەگێڕدرێتەوە و دەهۆنرێتەوە، بە زۆری ناوەڕۆکی لە ئێپۆسی فۆلکلۆر وەردەگرێت، بەڵام شاعیری کورد بەو دەستکاری و داهێنانەی کە تێیدا ئەنجامی دەدات، بەرهەمێکی دەسەنی تۆمارکراو دێنێتە نێو ئەدەبی کوردییەوە. ئیتر زۆربەی ئەم بەرهەمە شیعرییە دوور و درێژ و تێروتەسەلە لە بارەی دڵداری و ئەڤینداارییە، یان لەبارەی سوارچاکی و قارەمانێتی و ڕاووشکار و شەڕ و شۆڕەوەیە.

ئێپیک لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە.

# (بەیت)

**یەکەمیان**

**بەیت وەک بابەتێکی شیعریی، زێتر بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەنرێت، باس و خواسی دڵداری و خۆشەویستی و سروشتی تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها ڕووداوی مێژووی قارەمانێتی و پاڵەوانێتی نەتەوە لە شۆڕش و جەنگ و بەرگری لە نیشتمان لە خۆدەگرێت، ئەم جۆرە (بەیتی مێران)یشی پێدەڵێن. ئەدەبی کوردی کلاسیکی بە تایبەتی ئەدەبی دیالێکتی کرمانجی سەروو، بەهەمی جوان و نایابی لەم بابەتدا هەیە، وەک بەیتەکانی فەقێ تەیران کە بریتین لە (شێخی سەنعان) و (بەیتی فەقێ تەیران بەر ئاڤێ ڕا خەبەر دایە)، هەروەها بەرهەمی بەناوبانگی مەلای باتی (بەیتی زەمبیل فرۆش) و هی تریش.**

دووەمیان

# (داستان) = (مەسنەوی)

یان چیرۆکی شیعریشی پێدەڵێن. هەردوو دیالێکتی گۆرانی و کرمانجی ژووروو باوبووە و بەرهەمێکی زۆر لەم چوارچێوەیەدا دەبینرێت. ئەم جۆرە شیعرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە میللەتەوە هەیە، هونەرێکی ڕەسەنی خۆماڵییە، ناوەڕۆکی لە حیکایەتی بەر گوێی ئاگردان و گێڕانەوە و تاقیکردنەوەی پێشینان وەردەگرێ، بەسەرهات و سەر و سەربردەی قارەمان و پاڵەوانان و بنەماڵە و هۆز و عەشیرەتی کورد لە پێشاندا دەبێتە هەوێنی شیعری فۆلکلۆری، ئینجا ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە دەبێتە سەرچاوە بۆ چیرۆکی شیعری تۆمارکراو(نووسراو). ئەگەر ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەگەڵ شیعری نەتەوە هاوسێکانی یەکتری بگرنەوە، لەبەرئەوەیە کە سەرچاوەی هەموویان یەکێکە، یان تەواو لە یەکترەوە نزیکن. جگە لە سەرچاوەی ئایینیش بە تایبەت لە ڕووی سۆفیزمەوە کاری بەسەر داستانی کوردیدا هەیە. هەروەها ناوەڕۆکی حیکایەتی ئایینی سامیی کۆن و حیکایەتی عەرەبیش جێی خۆیان لە نێو ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە، ئەم ناوەڕۆکەی ئەدەبیاتی هاوسێکانمان ئەدەبی کوردیان دەوڵەمەند کردووە، چونکە شارەزا و لێزان و وەستا و هونەرمەندانە لە لایەن شاعیری کوردەوە وەرگیراون، ئەدگار و تایبەتمەندی ڕەسەنی خۆیان ونکردووە، بوون بە کوردی، بەمشێوەیە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی بە ڕەگ و ڕیشەیەکی کوردانە دووبارە خراونەتەڕوو.

## له ڕووی سەرچاوە و ناوەڕۆکەوە دەتوانین داستانی کوردی بەسەر سێ جۆر دابەش بکەین:-

## (١) ناوەڕۆک و سەرچاوەی سامی و عەرەبی.

لە پێشاندا ئایینی کۆنی سامییەکان، ئینجا تەوڕات و ئینجیل و قورئان بوون بە سەرچاوە بۆ نووسینەوەی داستانی شیعری لە نێو موسڵمانەکاندا، لە پاش هاتنی ئیسلام و گرتنە دەسەڵاتی. بێگومان کوردیش بەشداری لەم کارەدا کردووە، ئەمە بە ئاشکرا لە داستانی(یوسف و زولەیخا)دا دەردەکەوێت، ئەدەبی کوردی لەم چوارچێوەیەدا خاوەنی دوو بەرهەمە. یەکەمیان (یوسف و زولەیخا)ی سەلیمی سلێمان لە سەدەی هەڤدەهەمدا، دووەمیان (یوسف و زولەیخا)ی حاریسی بەدلیسی لە سەدەی هەژدەهەمدا. لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا ڕووداوی دڵداری نێوان لەیلا و مەجنوون ڕۆڵێکی باڵای لە داستانی کوردیدا هەیە. بە درێژایی ڕۆژگار شاعیر و نووسەرانی کورد بایەخیان بە چیرۆکی میللی لەیلا و مەجنوون داوە. بەم جۆرە گەلێک دەقی جۆراوجۆری لەیلا و مەجنوون لە ئەدەبی کوردیدا ئامادەییان هەیە. لەمانە لەیلا و مەجنوونی (مەلا موحەممەدی قولیی کەندووڵەیی کە لە ساڵی ١٧٣٢ لە نووسینەوەی بۆتەوە. لەیلا و مەجنوونی (حاریسی بەدلیسی) لە ساڵی ١٧٥٨ تەواویکردووە. لەیلا و مەجنوونی (میرزا شەفیعی جامەڕێزی کولیایی) لە سەدەی نۆزدەهەم. لەیلا و مەجنوونی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) کە بە پەخشان دایناوە لە ١٨٥٨ تەواوی کردووە. لەیلا و مەجنوونی (مەلا وەلەد خان) لە سەدەی نۆزدەهەمدا. جگە لەمانە حیکایەتی غەزای پێغەمبەر و ئەسحابە و فەرماندەکانی لە پێشینەکانی ئیسلام ڕەنگیان لە ئەدەبی کوردیدا داوەتەوە، بۆ نموونە غەزا و بەسەرهاتی موحەممەدی حەنیفە لە داستانی شیعری کوردیدا جێگەیەکی بەرچاوی هەیە. هەروەها لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی بەرهەمێکی یەکجار زۆر بوونیان هەیە لە بابەت مێژووی ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەرەوە دروودی خوای لێبێت، لە ئەدەبی کوردیدا و لە نێو خەڵکدا بە (مەولوودنامە) ناوی دەرکردووە و دەناسرێتەوە.

# (٢) ناوەڕۆک و سەرچاوەی کۆنی خۆماڵی پێش ئیسلام.

ئەمە بریتییە لە زۆربەی ئەو حیکایەت و بەسەرهات و داستان و گێڕانەوە و ئەفسانانەی کوردی کە پەیوەستن بە سەردەمی هەرە کۆنەوە لە پێش ئیسلامبوون، واتا سەردەمی کۆچی هیندۆ ئەوروپی و هیندۆ ئێرانییەکان، بە تایبەت لە سەردەمی هەزار ساڵەی پێش ئیسلام. لەمانە بۆ بەڵگە شیرین و فەرهاد یان شیرین و خوسرەوی (خانای قوبادی) لە سەدەی هەژدەهەمدا. جیهانگیر و ڕۆستەمی (میرزا شەفیعی جامە ڕێزی) لە سەدەی هەژدەهەمدا. بارام و گوڵەندامی شاعیری نەناسراوی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا و گەلێکی تریش. دیارە ناوەڕۆکی ئەم داستانانە تەنیا کات و سەردەم و چەرخی پێش ئیسلامی تێدا بەدیناکرێت، بەڵکو ڕۆژگار و سەردەمی پاش ئیسلامیشیان تێدا بەدیدەکرێت.

# (٣) ناوەڕۆک و سەرچاوەی کوردی= خۆماڵی

ئەم بابەتەی داستانی کوردی ناوەڕۆکی لە گێڕانەوە و حیکایەت و بەیتی فۆلکلۆری میللییەوە وەردەگرێت. واتا ڕووداوەکانی تایبەتین بە کۆمەڵی کوردەواری و پاڵەوان و قارەمانەکانی کوردن، ڕەنگدانەوەی ئامانج و ئاواتی میللەتن لەو ڕۆژگارەی کە شاعیری میللی، یان کلاسیکی ڕووداوەکان دەخاتە قاڵبی داستانەوە، شاکاری هەرە گەورەی ئەدەبی نەتەوەی کورد مەم و زینی (ئەحمەدی خانی) لەم جۆرە بەرهەمەیە.

لە دوای ئەو پیشاندان و لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە ئەدەبی کوردیدا چ لە ڕووی ڕووخسارەوە، یان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بێت دەگەینە ڕاستییەک ئەویش ئەوەیە ئەدەبی کوردی لە دوو شێوازدا خۆی دەنوێنێت، یەکێکیان خۆماڵییە، ئەویتریان لە ئەنجامی لێکدان و بەریەککەوتنی شارستانێتی هەرچوار نەتەوە هاوسێکە ( کورد و عەرەب و فارس و تورک) سەریهەڵداوە و پێگەیشتووە و ڕێچکەی خۆی گرتووە.